فوئاد حسن بە پزیشکیان: ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و دابەش ناکرێت

ئەمڕۆ یەکشەممە "فوئاد حسن "جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ "مەسعوود پزیشکیان" سەرۆك کۆماری ئێران،جەختی کردەوە کە ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و لێک دانابڕاوە.

وەزارەتی دەرەوە لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : "مەسعوود پزیشکیان"سەرۆک کۆماری ئێران، لە تارانی پایتەخت پێشوازی لە "فوئاد حسن"جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە کرد.

لە سەرەتای دیدارەکەدا"فوئاد حسن " سەلاوی "عەبدولەتیف جەمال ڕەشید"سەرۆک کۆماری عێراق و "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆکوەزیرانی گەیاندە سەرۆککۆماری ئێران.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەشکرد: سەرۆک "مەسعوود پزیشکیان" باسکی لەو بارودۆخە کرد کە کۆماری ئیسلامی ئێران تێیدا تەدەپەڕێت، ئاماژەی بە قووڵی پێیوەندییە برایانە و مێژوویییەکانی نێوان عێراق و ئێران کرد، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی بەهێزکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیەی لەسەر ئاسایش و گەشەپێدانی ناوچەکە هەیەتی.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە : لای خۆیەوە"فوئاد حسن" جەختی کردەوە کە ئاسایشی ناوچەکە بەیەکەوە بەستراوە و دابەش ناکرێت،هەروەک جەختیشی لەسەر پێویستی کاری هاوبەش کردەوە بە ڕەخساندنی

ژینگەیەکی سەقامگیر کە بەشدار بێت لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بە گەلانی ناوچەکە، هەروەها پەرەسەندنەکانی پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراقی خستەڕوو، بەتایبەتی نزیکبوونەوە لە تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارەکی نوێ و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ.